# هۆکاری روو وەرگێڕانی پیاو لەسەر جێگا لە ئافرەت بۆچی دەگەڕێتەوە...؟

توندو تیژی کردارێکە بەرامبەر تاکێك یان کۆمەڵێك دەکرێت. جا تاکەکە پیاو بێت یان یان ئافرەت. یەکێك لە توندوتیژییەکان، توندوتیژی و کرداری نادروستی سێکسییە. زۆر جار لەسەر جێگادا پیاو توندو تیژی بەرامبەر بەئافرەت دەکات، بەتایبەت لەکاتی سێکسکردندا. ئەوکات ڕەفتارێکی نەشیاو لەگەڵ ئافرەتەکە بەکاردەهێنێت یاخود رووی خۆی لە ئافرەتەکە وەردەگێڕێت. ئەم ڕەفتارانەش دەچێتە خانەی توندوتیژییەوە، کە ئافرەتەکە هەستی بەوە کرد توندوتیژی بەرامبەر دەکرێت لەوکاتەدا کێشە لەنێوانیاندا ڕوودەدات. لەسەرئەم پرسە گرنگە ڕاوبۆچونی چەند شارەزایەکی ئەو بوارەمان وەرگرتووە.



ئا: رۆشنە

سـەرەتا ئافرەتێكـی تەمەن ٢٩ سـاڵ، كە فەرمانبـەری میرییـە، ئامـاژە بـەوە دەكات هاوسەرەكەی هەمیشە كەسێكی تووڕەیە، تەنانەت لەكاتی كرداری سێكسیش هیچ مانایەك بۆ ئەو دانانێت هەمیشە هاوار دەكات بەسەریداو بە زۆر هەموو شتێكی لەگەڵ دەكات، ئەو دەڵێت:» من بەردەوام لە بارێكی نالەبـاری دەروونیدا دەژیم، چونكە هاوسەرەكەم لە كاتی سێكس كردندا زۆر هاوكارم دەكات.

**پیاوان تەنیا بۆخۆیان سێكس دەكەن**

ئافرەتێكی تەمەن ٢٢ سـاڵە ماوەی ساڵێكە شـوویكردوە، بـە گوتەی خۆی پەشـیمانە لە شـووكردنەكەی، ئەو ئافرەتە باسی ئەوە دەكات پیاوەكەی لە سێكسـكردن زۆر پەلە دەكات هەر كاتێك ئـارەزووی هەبێت بێ ئەوەی رای مـن وەربگرێت دەبێ سێكسـی لەگەڵ بكەم، هەر كـە



فەرهاد خدر

## كاتێک پیاوەكە خۆویست بێت هەوڵبدات تەنیا خۆی چێژ وەربگرێت نەک خێزانەكەی ئەمەش دەچێتە خانەی توندوتیژی بەرامبەر بەخێزانەكەی

ئارەزووەكانی تەواو بوو پشـتم تێدەكات، ئـەو دەڵێت:» ئـەو پیاوانـە تەنیا بۆ خۆیان سـێكس دەكەن، زۆر بە پەلەن لە تەواوكردنی حەزو ئارەزووەكانیان.

ئافرەتێك كە تەمەنی ٢٤ساڵە ماوەی دووسـاڵە ژیانـی هاوسـەری پێكهێناوە و دەڵێت «پیاوەكەم زۆرخراپـە لەگەڵـم بەتایبەت لەكاتی سێكسكردندا، سەیری فیلمی سیكس دەكات دەڵێت دەبێت تۆش هەمـان رەفتارم لەگەڵ بكـەی كە كاراكتەری فیلمـەكان ئەنجامی دەدەن. گەر وانەكەم، ئیدی تورە دەبێـت و رووم تێناكات. یان جێگاكەی لێم جیا دەكاتـەوە، لەم داواكارییـە بێجێیانەی ئەو بەڕاستی بێزاربوومە.

**كوڕ و كچەكان كە گەیشتنە تەمەنی هەرزەكاری لەبارەی سێسكەوە گەلێك پرسیاریان بۆ دروست دەبێت**

كومەڵنـاس «فەرهاد خدر» سەرپەشـتیار لە منداڵپارێزی كوردسـتان وتـی «توندوتیژی رەفتارێكـە بەرامبـەر كەسـێك دەكرێـت، جا توندوتیژییەكە جەسـتەیی بێت یـان دەروونی. بەهۆی ئەوەی ئـەو پەیوەندییە هەیـە لەنێوان ژن و مێردا چ جەسـتەی بێـت چ مەعنەوی، هـەردوو جۆری توندو تیژیەكە كە لەپرۆسـەی هاوسـەرگیریدا هەبێـت نا رەوایـە. جار هەیە توندوتیـژی دەروونـی زۆر لـە توندوتیـژی جەسـتەیی كاریگەرترە، هەرچەنـدە زۆر كەس توندوتیژی دەروونی بەتوندوتیژی سـەیر ناكات. بەڵام بـەو مانایە نییە كـە توندوتیژیی نییە. كاتێك بەشـێوەیەكی نادروسـت، پیاوێك سێكس لەگەڵ هاوسـەرەكەی خـۆی دەكات لەڕووی دەروونییەوە بە توندوتیژی ناودەبرێت. هەرچەندە رەنگە پیاوەكە خۆی پێیوانییە توندوتیژییە، لەبەر ئەوەی كە ئاستی رۆشنبیری لاوازە. نموونەیەك لە توندوتیژی سێكسی ئەوەیە» كاتێك پیاو ژیانی هاوسـەری پێكدەهێنێت بەشـێوەیەك فێردەكرێت كەدەبێت لەشەوی زاوایەتیدا هەموو شتێك كۆتایی پێبێنێت. جار هەیە لە شـەوی زاوایەتیدا پیاوەكە بەهۆی ملكـەچ نەكردنی ئافرەتەكە و نەبوونی رۆشـنبیری سێكسی





عەبدولباست فەرهادی

# ئێستا له چاوساڵانی پێشوو ئافرەت زیاتر باسی کێشەکانی دەکات

پیاوەکە پەنا دەباتە بەر لێدانی ئافرەتەکە. جا لە پرۆسەی ژیانی هاوسەریدا یەکێك لەبنەماکان تێرکردنی لایەنی روحییە.

فەرهادخدر ئەوەش دەخاتەڕوو دەڵێ «.کاتێك پیاوەکە خۆویست بێت هەوڵبدات تەنیا خۆی چێژ وەربگرێت نەك خێزانەکەی، ئەمەش هەر دەچێتە خانەی توندوتیژییەوە، زۆرجار کرداری سێکسی لەنێوانیان نابێتە هۆی ئەوەی کە ئافرەتەکە بگاتە بە چێژی تەواو. کاتێك ئافرەتەکە ناگاتە چێژی تەواو، ناچارە بۆ تێرکردنی هەستە پەنگخواردنەکانی یان پەنا بۆ تەڵاق و جیابوونەوە بدات، یان پەنا بۆ خیانەت. ئێمە کۆمەڵگایەکین هۆشیاری سێکسیمان نییە، چونکە دیاردە دزێوەکانی وەکو عەیبە و شەرمە نابێت باسی ئەو جۆرە شتانە بکەین، ئەم گرفتانە دروست کردووە. کاتێك کوڕ دەگاتە تەمەنی هەرزەکاری کۆمەڵێك پرسیاری لادروست دەبێت ناتوانێت پرسیار لەدایکی خۆی بکات بەحوکمی ئەوەی لەرەگەزی خۆی نییە. دێتەوە لای باوکی، بەڵام چونکە لەکۆمەڵگای ئێمەدا عەیبە لای باوکیشی باسی ئەوە بکات، بۆیە پەنا دەباتە بەرکەسێك کە ئاستی ڕۆشنبیری نزمە، بەهەڵە شتەکانی فێردەکات. پێویستە دایك و باوك باسی هۆشیاری سێکسی لای منداڵەکانیان بکەن و هەروەها مامۆستای پسپۆر هەبێت لەم بارەیەوە وانە لەقوتابخانەکان بڵێتەوە.

### توندوتیژی سێکسی لەگەڵ ئافرەت، گرفتی دەروونی زۆر دەکات

د.کارزان جەلال شاب دکتۆری نەخۆشییە دەرونییەکان دەڵێت « توندو تیژی یاخود هەڵسوکەوتی پڕ لە توندوتیژی پیاوان لەئافرەتان زیاترە. چونکە جەستەی پیاو ماسولکەکانی بەهێزترە، وزە زیاترە، ئەمەش هاندەرە گرژی توندوتیژییە لەپیاودا. بنەماکانی بەرزی مرۆڤیش بریتین خۆشەویستی و سێکس. زۆرکەس هەیە ئەو توندوتیژییە لەکاتی مامەڵکردنی ژیانی ڕۆژانەی بەکاردێنێت، هەندێکیشیان بەشێوەیەکی نادروست بەکاری دێنێت، بەشێوەی جەستەیی یاخود ئاخاوتن یاخود لەکاتی سێکس بەکاری دێنێت. هۆکارەکەش ئەوەیە کە لەپەروەردەی خێزانەوە توندوتیژییمان لەگەڵدا بەکارهێنراوە. ئێمەش لەسەر ئەو توندوتیژییە راهاتووین. توندوتیژی بەتایبەت لەنێوان ژن و پیاودا کاردانەوەی زۆر خراپی لەسەر مرۆڤ هەیە، جا لەکاتی سێکس کردن بێت یاخود لەکاتی مامەڵەکردنی ژیانی ڕۆژانە بێت، کاریگەری لەسەردەروونی مرۆڤ هەیە، وەکو دڵەڕاوکێ و بڕوا بەخۆنەبوون، ئەمانەهەمووی کەم دەکاتەوە بەتایبەت لەئافرەتدا. زۆرجار ئافرەت گرفتی جەستەیی و دەروونی هەیە هەربۆیە لایەنی سێکسی کەم بۆتەوەو چێژ لەسێکس نابینێت، پیاوەکە لەو کاتەدا بەزۆرسێکسی لەگەڵدا دەکات. هەست دەکات کە ئافرەتەکە زەوقی لەگەڵ ئەو نەماوە، بەڵام نازانێت کە ئافرەتەکە نەخۆشەو پێویستی بەچارەسەرە، ئەگەر چارەسەری بکرێت بۆماوەیەکی کەم ئافرەتەکە ئاسایی دەبێتەوە. نەبووونی هۆشیاری دەرونی وای کردوە کەئەم توندوتیژییە لەنێوان خێزاندا زیاد بکات.

### ئێستا ئافرەتان زیاتر هۆشیار بوونەتەوە و لە دادگاکان باسی کێشەکانی خۆیان دەکەن

دادەوەر عەبدولباست فەرهادی وتەبێژی فەرمی دادوەری وتی» گەر لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا سەیربکەین، دەبینین ژن ومێرد کاتێك کێشەیان دەبێت و کێشەکەیان دەگاتە دادگا، جا چ دادگای لێکۆڵینەوە بێت یاخود دادگای باری کەسی. گەر سەیربکەین ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئافرەتان توندوتیژیان بەرامبەر کراوە. توندوتیژییەکەش خۆی لەچەند جۆرێك دەدا، لەوانەیە پیاوەکە داوای شتی وای لەخێزانەکەیەوە کردبێت کەلەڕووی شەرعییەوە دروست نییە. زۆر ئافرەت هەیە لەبەردەم دادگا باسی کردووەو دەڵێت « هاوسەرەکەم فلیمی سێکسی سەیرکردووە وداوای لێکردووم هەمان کاری، کاراکتەرە ئافرەتەکەی ناو فیلمەکەی لەگەڵ ئەنجام بدەم «. یان داوای لێکردوم کە سێکسی بەجۆرێکی دیکە لەگەڵی بکەم . منیش ڕازی نەبووم و بۆتە کێشە لەنێوانماندا. ئێستا ئەم جۆرە حاڵەتانە هەن لەدادگاکانی کوردستان. دیارە پێشتریش ئەم حاڵەتانە هەبوون. بەڵام ئەوکات ئافرەتەکە کاتێك دەهاتە بەردەم دادگا باسی لەم جۆرە کێشانە نەدەکرد. چونکە ئەوکات لەبەربوونی عەیبەوشەرمەو لەبەرکۆمەڵێك دابونەریتی کۆمەڵگا ئەگەرباسیشی کردبا تەنیا بەچەند هێمایەك ئاماژەی پێدەکرد، بەڵام ئێستا بە بەراورد بە ساڵانی پێشوو ئافرەتان زیاتر باس لە کێشەکانیان دەکەن. ئەم جۆرە کێشانەش بۆ هۆکاری ساردوسری سێکسی لەنێوان ژن و پیاو دا دەگەڕێتەوە.

### ئافرەت دەتوانی داوای جیابوونەوە لە مێردەکەی بکات، گەر هاوسەرەکەی داوای سێکسی نادروستی لێکرد

سەبارەت بەم تەوەرە گرنگە»د.بەشیر خەلیل حەداد» مامۆستای ئاینی و وتاربێژی مزگەوتی جەلیل خەیات دەڵێت» ئیسلام بەرنامەیەکی تۆکمەی ناردووە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، ئەو بەرنامەیە هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە. تەنها لایەنی خواپەرستی و نوێژو رۆژی نییە، بەڵکو بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و رامیاری و فەرهەنگی و هەموو لایەنەکان یەکێك لەو لایەنە گرنگانەیە کە ئیسلام یاسایەکی تۆکمەی بۆ دارشتووە لایەنی کۆمەڵایەتییە، کەواتە سیستەمی کۆمەڵایەتی سیستەمێکی رێکوپێکە لە ئیسلامدا کە بەتەواوی لەگەڵ بیری مرۆڤایەتی دەگونجێت، هەموو داواکارییەکانی لایەنی دەروونی و سۆزو عاتیفەو غەریزەکانی مرۆڤ تێربکات، ئێستاش ئێمە لە سەدەی بیست و یەکەمداین، لەگەڵ هەموو پێشکەوتنە لەهەموو بوارەکاندا هەیە، سیستەمی کۆمەڵایەتی ئیسلام بەجوانی خۆی هەر ماوە و شاهێدیشی بۆ دەدەین، سەیر بکەین. سیستەمی کۆمەڵایەتی لەشوێنانی دیکەدا رۆژ بەرۆژ تووشی نارێکی دەبێ و هەرەس دەهێنێ، بەڵام لە سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەلگەی ئێمەدا هەتاکو ئێستاش تارادەیەك پابەندین پێیەوە، لەو لایەنەوە کێشەمان زۆر نییە، گرنگتریش شتیش لە سیستەمی کۆمەڵایەتی سیستەمی خێزانە. پێکهێنانی خێزان و پەیوەندی نێوان ژن و مێرد چ لەلایەنی ئەرك و ماف بێت یان لەلایەنی دەروونی و روحی و جەستەییەوە بێت، بۆ هەمو ئەمانە هەمووی بنەماو مەرج و سیستەمی تەواوی بۆ داناون. دەربارەی مەسەلەی سەرجێی لە نێوان ژن و مێردا کە یەکێك لە ئامانجەکانی پرۆسەی هاوسەرگیرییە چونکە ئامانجی تریشی هەیە، وەك بەردەوام بوونی پەیوەندی روحی و مرۆڤایەتی نێوانیان و پێکهێنانی پەیوەندیەکی ئارام و کەوتنەوەی وەچەو نەوە لە دوارۆژدا، ئەمانە هەمووی ئامانجن، یەکێك لە ئامانجەکانیش تێرکردنی ئەو لایەنە سێکسیەیە لە لایەن هەردوو لاوە. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دیسان ئیسلام رێساو یاسای بۆ داناوە. بۆ نموونە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت»ئافرەتان بۆ پیاوان وەك زەوییەك وان بۆ چاندن، مەبەستیشی منداڵ بوونە « واتە ئافرەت ئەو شوێنە پیرۆزەیە کەوا مرۆڤی تێدا دروست دەبێت بەهاوکاری پیاوان، بێگومان بۆدروست بوونی ئەو منداڵەش دەبێ جۆری پەیوەندیە سێکسیەیەکەش بە جۆرێك بێ بۆئەوەی ئەو منداڵە بێنێتە دی. بەڵام گەر کرداری سێکسییەکە نادروست بوو، ئەوە



د.بەشیر حەداد

# بەشێک لە ڕاگەیاندنەکان لە بواری پەیوەندی نێوان ژن و مێرد ڕۆڵێکی باش ناگێڕن

ئامانجەکە ناپێکێت و منداڵ دروست ناکات، گەر لەلایەنی تەندروستی و کۆمەڵایەتییەوە نەخوازراو بوو ئەوا لەلایەنی دەروونیشەوە نەخوازراوە. بۆیە ئیسلام ئەمە حەرام دەکات، ئەمەش لەوانەیە جۆرێك بێ لە جۆرەکانی توندوتیژی، کە ڕێگای پێنادری و سزاشی بۆ دادەنێ بۆ ئەو کەسانەی کە بەردەوام ئەم کارە دەکەن. هەروەها گەر پیاو بەردەوام بوو لە داواکردنی ئەم جۆرە سێکیسییە نادروستە، یان مومارەسەکردنی ئەم جۆرە توندوتیژییە ئەوا ئافرەتەکە داوا دەکات لە دادگا و بۆی هەیە جیابێتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەنجامدانی شێوازە ئاساییەکەی سێکس کردن ئەوەی ڕێگای پێدراوە ئەویش دەبێ بە شێوازێکی مرۆڤانە بێ، بەشێوازێك بێ کەوا هەردوو لا لایەنی جەستەیی و سۆزو عاتیفەیان تێدا بەدی بێننەوە، بۆیە چەندین ئایەتی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەرمان هەیە بۆ پەروەردەی سێکسی تەواو لە نێوان هەردوو لایەندا، ئەمڕۆ ئەگەر کەسانێك بەناوی تەندروستییەوە بەناوی دەروونییەوە باسی ئەمە بکەن ئەوا ئایینی ئیسلام پەروەردەیەکی سێکسی تەواوی تێدایە، بەڵام بە شێوازێکی ڕێکوپێك بەشێوازێك کە قازانجی لە زیانی زیاتربێت، بەڵام ئیسلام ئەم ڕێنماییانە لەتەمەنێکی گونجاودا دەدات بە مرۆڤ، چونکە منداڵێك ناتوانێ ئەمە جێبەجێ بکات، بۆیە لە تەمەنێکدا ناکرێ لایەنێکی گرنگی ئاوا پشت گوێ بخات، بەڵکو قسەی لەسەر دەکات هەتا باس لەوەش دەکا چۆن بچنە سەر جێ و چۆن دەست پێبکەن و چۆن کۆتایی پێ بێنن، تا ڕادەیەك دایك و باوك بەرپرسیارن لەم کارە، چونکە ئەوان یەکەم بەرپرسیارن لەبەرامبەر منداڵەکانیاندا تا ئامۆژگاری تەواویان بکەن، لای ئێمە ئامۆژگاری تەنیا ئەوە نییە ئاوا هەستە و ئاوا دانیشە بەڵکو ئامۆژگاری لەقۆناغی هەستیاردا دەبێ، هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەرنامەیەکی چاك و تۆکمە دابڕێژن بۆ پەروەردەکردنی هەرزەکارەکانمان، کچ دەبێ لەماڵەوە دایکی زۆر شتی پێبڵێ، لەسووری مانگانەو تێکەڵ بوون لەنێوان کوڕو کچ یان ئەندامەکانی لەشی خۆی، یاخود کاتێك براکەی لەماڵەوە خۆی دەشوات و پرسیار لای دروست دەبێت، مەرجە دایك ئەمەشی پێ بڵێت، دایك بۆ کچ ڕوون بکاتەوە. باوکیش بۆ کور ڕوون بکاتەوە. زانیارییەکانیان قۆناغ بە قۆناغ پێ بدەن، یاخود ئەو کوڕەی ژن دەهێنێت پێویستە، زانیارییەکی تەواو لەبارەی شەوی هاوسەرگیرییەوە هەبێت، لەنێوان کوڕەکەو کچەکە بۆ ئەوەی تووشی ترس نەبن. هەروەها تووشی حاڵەتێکی دەروونی ئاوا نەبن لەجیاتی ئەوەی بۆیان ببێتە شەوی هەنگوینی، ببێت بەشەوی ناخۆشی. ئەم حاڵەتە ببێتە هۆی کێشە لەژیانیاندا تاماون. ئەمە دەگەڕێتەوە سەردایك و باوکەکان ئینجا وانەی قوتابخانەکان پێویستە بەشێوەیەکی ئاوا بن بۆ ئەوەی منداڵەکانی ئێمە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست پەروەردە بکرێن. هەروەها ڕاگەیاندنەکان ڕۆڵێکی گرینگیان هەیە. بەڵام بەداخەوە بەشێك لە ڕاگەیاندنەکانی ئێمە ڕۆڵێکی باش ناگێڕن و ڕۆڵێکی تێکدەرانە لەم لایەنە و دەگێڕن. هەروەها نەبوونی سانسۆڕ بەسەر سیدی فرۆشەکان، گرفتێکی دیکە، لەوانەیە گەنجێك بچێت سیدیەك بکرێت، لەماڵەوە بۆخۆی لێبدات، کەجۆری سێکس کردنەکەش دوورە لەداب و نەریت و ئایینی ئێمە. بۆیە کاتێك ئەم شتانە دەبینن هەوڵدەدەن لاسایی ئەم شتانە بکەنەوە. ئەم لاسایی کردنەوەش دەبێتە هۆی کێشەیەکی مەترسی دار بۆئێمە.

هەروەها (د.بەشیر )ئەمەش دەخاتەڕوو دەڵێت «ئەم جۆرە سیدیانە تەنیا لایەنی بازرگانیان پێوە دیارە و هیچ مەبەستێکی پەروەردەیان پێوەدیار نییە. بۆیە دریغی ناکەن لەهەرشێوازێك تەنانەت ئەگەر ئاژەڵیانەش بێت ئەمانە بۆئەم مەبەستە بەکاری دێنن. ئافرەت لێرەدا ناکرێت ئەمانەقبوڵ بکات. یەکەمجار پێویستە پیاوەکەی ئامۆژگاری بکات، چونکە ئامە زیانی هەیە بۆ ئایینمان، چونکە ئەمە لەڕووی ئاینییەوە نادروستە. هەروەها لەڕووی تەندروستییەوە زیانیشی هەیە، چەندە ها نەخۆشی لێپەیدا دەبێت، وەکو ئایدزو زوهری و سفلس. ئەمانە کۆمەڵە نەخۆشیەکن، کە زانایان دەڵێن ئەم نەخۆشیانە بەهۆی ئەو پەیوەندییە سێکسیە نادروستانەیە کەپەیدادەبێت. بۆیە ئافرەت دەتوانێت بەمجۆرە قسانە ئامۆژگاری پیاوەکەی خۆی بکات. ئەگەر پیاوەکەی هەر قەناعەتی نەهات پێویستە لەسەری کە جیابێتەوە.

### لەچ کاتێك پیاو دەتوانێت جێگای خۆی لەئافرەت جیابکاتەوە؟

سەبارەت بەجیابوونەوەی جێگا لەنێوان ژن و مێرد دا، (د.بەشیر) ووتی « بەڵکو بەپێچەوانەوەش کاتێك ئافرەتەکە ئەزیەتی پیاوەکە دەدات، ئافرەتەکە مافی پیاوەکە پێشێل دەکات. ئەو مافەی کەشەرع و ماف و نەریت و یاسا بۆی داناوە مافی پیاوەکە نادات پیاوەکە ئەزییەت دەدا بەزمان بەدەست بەکردەوە بە ڕەوشت بەهەموو شتێوازێك، ئەوکات پیاوەکە وەکو قۆناغی یەکەم بەزمانێکی شیرین ئامۆژگاری دەکات ئەوکردەوانەی ئەو دەیکات زیانی بۆپەیوەندی ژیانی هەیە، ئەگەر ئافرەتەکە چاکسازی لەخۆیدا پێکنەهێنا ئەوکات بۆماوەیەکی کاتی پیاوەکە، لەنێو جێگادا پشتی تێدەکات. نەك جێگاکەی خۆی لێجیابکاتەوە، کاتێك خودای گەورە دەفەرموویت «واهجروهن في المضاجع» واتا « لەناوجێگادا پشتی تێبکە» بۆئەوەی ئافرەتەکە بگەڕێتەوە قۆناغی ئاسایی. بۆئەوەی مافەکانی جێبەجێ بکات. هەتا لەیاسای باری کەسیش دەڵێ «هەرشتێك کەوا ناشەرعی بێت پیاو داوا لەئافرەت بکا، یاخود ئافرەت داوا لەپیاو بکات، جێبەجێ نەکات ئەمە بەنشوز دانانرێت».

# ئیستغلالکردن مۆتەکەی بەردەوامی ئافرەتانە

**سەرەڕای ئەوەی ڕۆژ بەدوای ڕۆژ کۆمەڵگەی کوردی پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆوە دەبینێت، بەڵام ئەو پێشکەوتنانە کاریگەری «پۆزەتیڤ»ی نەبووە، بۆ نەهێشتنی دیاردەی ئیستغلالکردنی ئافرەتان لەلایەن ڕەگەزی بەرانبەریەوە، چونکە ئافرەتان خۆیان شاهیدی لەسەر ئەوە دەدەن، کە لە دامودەزگاو ناوەندو ئۆرگانە جیاجیاکاندا لەلایەن پیاوانەوە ئیستغلالکردن بەڕوونی هەستی پێدەکرێت.**

* * *

**زۆربەی ئەو کچانەی کە لەدامودەزگاکانی حکومەت کاردەکەن پێیانوایە کەبەرێوبەران لەژێر فشاری ئەوەی فەسلیان دەکەن ئیستغلالیان دەکەن.**

نازە خالید فەرمانبەر لەیەکێك لەدامودەزگا حکومییەکان و تەمەنی ٢٨ساڵە، دەڵێت «بۆ ماوەی چوارە ساڵە سکرتێرم، بەرێوەبەرەکەم زۆر «ئیستغلالم « دەکات . زۆرجار داوای لێکردوومە کە ماچم بکات، دەڵێت گەر ڕازی نەبی ئەوا فەسلت دەکەم یاخود لای خەڵك باست دەکەم، منیش لەبەر حەیای خوم ناچارم بەقسەی بکەم. زۆر هەوڵیشم داوە لەم دەزگایە بڕۆم بەڵام بەرێوەبەرەکەم ڕازی نابێت»

**زۆر جار کچان لەبەر سۆزو عاتیفەیان زیاتر دەکەونە ژێر کاریگەری پیاوان**

بەیار سەدیق تەمەنی ٣٠ ساڵەو فەرمانبەرە لە وەزارەتێك دەڵێت» ئەو دیاردەیە هەیە، زۆرتریش لەبەر ئەوەی «کچان عاتیفی و سۆزدارترن و زوو دەکەونە ژێر کاریگەری»، بۆیە ئاسانتر لە بیاوان ئیستغلال دەکرێن

لەگەل ئەوەشدا لە کۆمەڕگای ئێمە ئێستا تا ڕادەیەك گۆڕانکاری هەیەو کچانیش وشیار و بە ئاگان و هێندە خێرا بڕیار لەسەر شتە چارەنووسسازەکان نادەن.

باسی ئەوە بکە کە زۆر جار کچانیش کوڕ ئیستغلال دەکەن، بەتایبەت لە ناوەندەکانی زانکۆ بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان دەهێنن. کچ هەیە تەنیا بۆ مادە ئیستغلالی کوڕ دەکات، یان بۆ سێکس و ڕابواردن.

بە پێچەوانەوەش کور هەیە بۆ ئەو شتانە کچ ئیستغلال دەکات بەڵام بە زۆری ئەوەی لە کۆمەڵگا ئێمە هەیە کچ ئیستغلال دەکرێت، بەو پێیەی کۆمەڵگەیەکی نێرسالاریە هەمیشە دەستەڵاتی نێر زالتر بوو»

**چالاکوانی ژنان پێیان وایە ئیستغلال کردن کەلتوورێکی کۆنەو لەسەردەمی بەعسەوە بۆ پیاوانی هەرێم ماوەتەوە**

منیرە گۆران وەك چالاکوانێکی ژنان دەڵێت، ئەو مەسەلەیە بەداخەوە لەسەردەمی بەعسەوە بووە دواتریش بۆ دەسەڵاتدارانی ئێمە ماوەتەوە، کە دەسەڵاتدارانی هەرێم ئەوە تێدەپەڕێنن، ئەمە لە حزبە سیاسییەکانەوە هاتۆتە خوارێ و هەموو دامو دەزگاکانی گرتۆتەوە، ئەمە بەشێکە لەو گەندەڵییەی کە خەڵك لە شەقامەکانی هەرێم داوای دەکات، ئێمە وەکو ژنان داوا دەکەین کە چیتر تحرش بە ژن نەمێنێ، ئەمە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە ژن دووركەوێتەوە لە سیاسەت و لەدامودەزگاکانی خۆیان، لەبەر ئەوەی کەرامەتی ژنیان بەستۆتەوە بە تحرشی جنسییەوە، لەبەر ئەوە بەداخەوە ژنان بەجۆرێك لەوڵاتی ئێمەدا تحرشیان پێدەکرێت، ڕەنگە لە زۆر وڵاتانی تردا وانەبێ، ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ پیاوسالاری کە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە و بەشێکیشی بۆ ئەو کەلتوورە سەقەتە دەگەڕێتەوە کە لەسەردەمی بەعس ماوەتەوە، بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسی لەم هەرێمەدا، دەیان کەیسی وا چۆتە بەردەم دادگا لەبەر ئەوەی دادگاسەربەخۆ نییە و نەیتوانیوە بەشێوەیەکی عادیلانە و بەشێوەیەکی ڕاستی مامەڵە لەگەڵ ئەم کەیسانە بکات، چونکە کارکردن لەسەر ئەم کەیسانە بەشێکە لەوەی کە کێشەی ژن لەکۆمەڵگەی ئێمەدا کەم دەکاتەوە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش ئەم حاڵەتە بەردەوامە و من پێشبینی دەکەم ڕۆژ بەرۆژ لەزیادبوون دابێت، یەکێك لەو شتانەی کە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا ژنی پێ بەستراوەتەوە مەسەلەی ئەخلاقە، بۆیە هەرکاتێ کە لێپرساوەکەی تحرشی پێدەکات یان دەریدەکات یان فسلی دەکات هەموو شتەکان دەبەستێتەوە بەو شتەوە و هەموو ژنان خەریکە تووشی حاڵەتێکی جنسی دەبن و لەهەموو دامودەزگاکان لەبەر ئەوەی یاساو دەسەڵات سەربەخۆ نییە، ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکان کەنەیتوانیوە ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، پێشبینی ئەوەش دەکەم کە ڕێکخراوەکانی ژنان کەم تەرخەمن و چالاکانە کاریان لەسەر ئەم مەسەلەیە نەکردبێ، چونکە بەرای من لەماوەی ئەو بیست ساڵەدا ئەوان دەیان توانی هەرچۆنێك بێ کەمی بکەنەوە، بەتایبەتی نوێنەری ژن هەیە لە حکومەت، نوێنەری ژن هەیە لەپەرلەمان بەڵام خەم ساردی هەبووە، لەم حاڵەتەی ژنان بەداخەوە چونکە نەبووە، بەیەکێك لە خاڵەکانیان وەك پرۆژەیەك پێشکەشی پەرلەمانی بکات و بەڵام ژنانیش ئەوەندە گیرۆدە بوونە بەمەسەلە سیاسییەکان ئەوا کێشەی خۆیان وەك ژن بیرچۆتەوە»

**ڕۆژنامەنووسان دەڵێن»ئیستغلال کردن پەیوەندی بەبەهێزی کەسایەتی ئەو ئافرەتەوە هەیە کە تاچەند دەتوانێ بەرەنگاری پیاو ببێتەوە.**

ئەڤین ئیبراهیم وەك ڕۆژنامەنووس و کۆمەڵناسێك گوتی: مەسەلەی تحرش لەهەموو شوێنێك هەیە، لەدام و دەزگای حکومی بێت یان لە ڕێکخراوەکان بێت لەو شوێنەوە دەست پێدەکات کاتێك ئافرەت بڕیار دەدات کە بچێتە دەرەوەو ئیش بکات، هەرچەند لەماڵەوەش ئەو شتە هەیە زۆر جار دەبیستین کە ئافرەت هەیە لەماڵەوەش تحرشی پێ کراوە، بەڵام ڕێژەی بەرزبوونەوەو نزم بوونەوەی لەسەر تواناکانی خودی ژنەکە ڕائەوەستێ، پەیوەندی بەتەمەن و جوانی و ئەو شتانەوە نییە پەیوەندی بەتوانای کەسایەتی ئەو کەسەوە هەیە تا چ ڕادەیەك دەتوانێت



خۆی بپارێزێت، بۆ نموونە کچێك هەیە کوڕێك بەبیانووی ئەوەی لەبوارێکدا یارمەتی دەدات، تحرشی پێدەکات ئەویش لێرەدا خۆی بێدەنگ دەکات، بەڵام ئەگەر خۆی بتوانێ کارەکەی بکات ئەوا منەتی بەکوڕەکە نابێت و تحروشەکەش قبوڵ ناکات، ئەگەر نا زۆر نموونەی لەوە خراپترمان هەیە، زۆر کەس هەیە حەوت جار زەوی وەرگرتووە، هەمانە سێ جار وەریگرتووە. ئەگەر ئافرەتێك خۆی بتوانێ هەموو شتەکانی خۆی بکات ئەوا پیاو ناتوانن کە ئیستغلالی بکات و نابێتە پارووبەکی ئاسان لە ژێر دەستییانەوە، بەڵام ئافرەتان دەبێ خۆیان ئاستی رۆشنبیریان بەرز بکەنەوە و کچەکە بەهێزبێت و خۆی، خۆی دروست بکات، ئێمە یاساشمان هەیە بۆ ئەو بابەتە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەهەموو شوێنێك داهەیە، بەداخەوە کچ لەکۆمەڵگەی ئێمەدا لەمنداڵییەوە کە پەروەردە دەکرێت کەسایەتییەکی پاشکۆی لاوازی بۆ دروست دەکرێت، هەردەم دەبێ بڵێ بەڵێ، بۆیە کەسایەتی لاوازی لێ دەردەچێ و ناتوانی بەرەنگاری پیاو ببێتەوە، راستە هەندێ جار سوودی مادی دەست دەکەوێت، بەڵام وتەیەکی بەرزی مەسیح هەیە کە دەڵێ (مرۆڤ چی دەست دەکەوێت ئەگەر هەموو دنیای لەدەست دا)بەداخەوە لێرەشەوە هەر ئافرەت مێشکی خۆی پێوەی خەریك بکات کە دەبێ، چۆن خۆی بەتوانا بکات و بەرەنگاری پیاو ببێتەوە»

